# پەروەر

## خەبات ڕەسووڵی

**خەبات ڕەسووڵی**، لە ساڵی ١٣٥٩ لە شاری بۆکانی خۆرهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. بەکالۆریۆسی لە ساڵی ٢٠٠٩ زایینیی، لە کۆلێژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسیی، زانستگەی سەلاحەدینی ئەییوبیی وەرگرتووە. پتر لە ماوەی بیست ساڵە لە بواری ئەدەبیات (شیعر، چیرۆک و وەرگێڕان) چالاکە. بەرهەمی ئەو ساڵانەی دوو کۆمەڵە چیرۆک و وەرگێڕانی ڕۆمانێکە لە زمانی فارسییییەوە. بێجگە لەمانە: کاری ڕۆژنامەنووسییی کردووە و بە دەیان وتار، چاوپێکەوتنی هونەریی، وەرگێڕانی ئەدەبیی و هزریی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی باشوور و خۆرهەڵاتی کوردستان بڵاوکردووەتەوە. شایانی باسە ناوبراو ماوەی حەوت ساڵ لە گۆڤاری ڕامان، وەک هەڵەچن و ماوەی یازدە ساڵ لە ڕۆژنامەی خەبات، وەک نووسەر، وەرگێڕ و بەرپرسیاری لاپەڕە کاری کردووە.

**بەرهەمەکانی بریتین لە:**

١- ساڵە شەرابییەکان، کۆمەڵە چیرۆک، سەنتەری ڕووناکبیریی هەتاو، هەولێر، ٢٠٠٦.
٢- نۆڤلێتی گاوخونی، جعفر مدرس سادقی، وەرگێڕان، دەزگەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨.
٣- واران، کۆمەڵە چیرۆک، یەکێتی نووسەرانی کورد، هەولێر، ٢٠١٤.

فەرهاد، کە هات تازە خەریک بووم تەماتەکان ورد بکەم و بیکەمە نێو تاوەکەوە. وەک هەمیشە لە سەرەخۆ هات و لە پەنام ڕاوەستا. سەرم هەڵهێنا.
ـ تۆش کارت بە گازەکەیە؟
ـ ئەرێوەڵڵا
ـ هێندەی نەماوە، ئاوی تەماتەکان ویشک بێ، تۆن ماسییەکەی تێدەکەم و ئیدی کارم تەواو دەبێت.
ـ ئەرێ عەیب نەبێ ئێوە زۆر ئەم چێشتە ناخۆن؟
چاوێکم لێکرد، جۆرێک بێزوقێزم لە دەموچاویدا بینی.
ـ نەوەڵڵا، جاری وایە هێلکە و تەماتە دەخۆین، جاری وایە، هێلکە و پەتاتە، جاری وایە تەماتە و تۆنی ماسی، جاری وایە تۆنی ماسیی و پەتاتە، جاری وایە...
ـ چێشتی دیکە نازانن؟
ـ با، سۆران ماکاروونییەک دروست دەکات، قامکی خۆتی لەگەڵ دەخۆیت، با لێیبنێ بانگت دەکەم، جا دەزانی ماکاروونیی یانی..
ـ ئەوە دەنگی مۆبایلەکەی تۆ نییە؟
ـ بەرێوەڵڵا. ئەلوو .....ئەلوو سۆران، بەڵێ، لە بەشە ناوخۆییم. خەریکی چێشتلێنانم. کاک پەروەر دێت، جا خۆ هیچمان نییە. جا ئەو کەنگێ دەزگیرانی هەبووە؟ باشە دەی زۆر باشە. دەی..... ماڵاوا.
ـ میوانتان دێت؟
ـ سۆران دەڵێ کاک پەروەر دێت، بە تەنیاش نییە، دەزگیرانەکەشی لەگەڵە. ئەمن سەرم لەوە سووڕماوە کاک پەروەر دەیگوت: شۆڕشگێڕ نابێ زەماوەند بکات، نازانم ئەم دەزگیرانەی لە کوێوە هێناوە؟
ـ برا ئەم قسانە گشتی شوعارە، ڕەجەوی هەموو ژن و مێردەکانی ناو موجاهیدنی لێکجیاکردەوە، کەچی بۆ خۆی لەگەڵ مریەم زەماوەندی کرد. ئەم قسانە هەر بۆ کادرە ئاساییەکانی ناو حزبەکانە. ئەم کاک پەروەرە کێیە، زەحمەت نەبێت؟
بە کەچکە دارەکەی ناو دەستم، دەستم کرد بە لێکدانی تەماتەکان.
ـ ئەم کاک پەروەرە شۆڕشگێڕێکی کوردە، لە کوردە ئاوارەکانی ڕووماددییە، کوردیی، فارسیی، عارەبیی و تورکیی دەزانێت، کەسێکی زۆر تێگەیشتووە، بڕوای بە کوردستانی گەورەیە و دەیهەوێ چوار پارچەکە پێکەوە ڕزگار بکات.
ـ ئەها کەوایە..
بە دەنگی تەقەی دەرگە، فەرهاد قسەکەی تەواو نەکرد و چووە دەرێ و دەرگەی کردەوە.
ئەمنیش گڕی پێکەنینەکەم کەم کردەوە و بەرەو پیلیان چووم.
کاک پەروەر وەک جاران جلی کوردیی دەبەردانەبوو.ژنێکی ڕەشتاڵەی جحێڵی لەگەڵ بوو، هەر هاتە ژوورێ، زانیم ژنە عارەبە.

فەرمووی ژوورێم کردن و پاش کەمێک هاتمەوە لای چێشتلێنانەکەم.
تا تۆنەکە بە باشیی تێکەڵ تەماتەکە بوو، سۆرانیش بە خۆی و بە نایلۆنێکی ڕەشی گەورەوە هاتە ژووریّ.
ـ گوتی لەبەر کاک پەروەر چووم بیرەم کڕیووە. بۆ شەوێش ماکاروونییەکی خۆش لێدەنێم.
پێش سۆران، بە تاوەوە چوومە ژووریّ و تا نێوەراستی ژوورەکە ڕانەوەستام. کە چوومە ژووریّ، کاک پەروەر و دەزگیرانەکەی دەمیان لە ناو دەمی یەکتر نابوو. بە دیتنی من هەر سێکمان پەشۆکاین. ئەمن وەک ئەوەی تاوانێکی گەورەم کردبیّ، وا سەرم لێشێوا بوو نەمدەزانی ئەو تاوەیەی بە دەستمەوەیە چ لێبکەم. لە تاوان پێم خۆش بوو بە تەپلی سەری خۆمی دابدەم. ئاخری کاک پەروەر جووڵەیەکی کرد و لە دەزگیرانەکەی دوورکەوتەوە و ڕۆژنامەیەکی هەڵگرت و لە نێوەڕاستی ژوورەکەی دانا. بە پەلە چووم و تاوەکەم لە سەر ڕۆژنامەکە دانا.
سۆران، بە خۆی و بە نایلۆنە ڕەشەوە هاتە ژووریّ و ملچ ملچ بە کاک پەروەرەوە نووسا و یەکتریان ماچ کرد.
پاشان دەرگەی بەفرگرە بچووکەکەی کردەوە و هەوڵیدا جێی بیرەکان بکاتەوە.
ئاخری جێی دووان هەر نەبوەوە و لە تەنیشت بەفرگرەکەی دانان. گوتم:
ـ کاک پەروەر ئێمە عارەبیی نازانین، لە زمان ئێمەوە داوای لێبووردن لە خێزانت بکە، بڵێ ئێرە بەشە ناوخۆیییە و ئەم کوڕانەش کوردی ڕۆژهەڵاتن و خەڵکی ئێرەش نین، بۆیە ناتوانین ئەم جۆرەی شایانە، خزمەتتان بکەین.
کاک پەروەر دەستی کرد بە عارەبی قسەکردن، قسم داخلی و تەڵەبە و زۆرشتی دیکەش حاڵی بووم. ژنەش بە سەرسووڕمانەوە چاوی لە ئێمە دەکرد، ئاخری هەر جۆرێک بێت، زەردەخەنەیەکی کرد و یەک دوو قسەی کرد. کاک پەروەر گوتی:
ـ سپاستان دەکات.
دەرکەی ژوورەکە کرابوەوە و ئێمەش لە دەوری تاوەکە کۆ ببووینەوە و خەریکی نانخواردن بووین. بەدەنگی تەقەیەک، کە لە دەرەوەی ژوورەکە هات، ئاوڕم دایەوە. فەرهاد لەپێش دەرگەکە ڕاوەستابوو. بە چاو گوتی وەرە. هەستام و چووم. دەستی گرتم و لە دەرگەکەی دوور خستمەوە.
ـ ئەم ژنە دەناسی؟
ـ ئەم ژنە دەزگیرانی کاک پەروەرە.
ـ کوڕە بابە دەزگیرانی چی، ئەمە لەشفرۆشە، ماڵی لە عەینکاوەیە، تا ئێستا هیچ نەبیّ نیوەی هەولێر سواری بووە.
ـ کوڕە شتی چاک بڵێ.
ـ وەڵڵا ئەمنیش... ( نقە نقێکی کرد)....ئەمنیش...... لە دوورەوە.......... دەیناسم.
ـ زۆر باشە سپاس کە پێت گوتم.
هاتمەوە ژووریّ. ئەم جار، کە چاوم بە ژنە دەکەوت. هەستێکی نامۆم تێدا دروست.

وەک بڵێی پێم خۆش بێ، ئەمنیش لە گەڵی بم (نا)، ڕقم لێی بێ (نا)، بێزم لێی هەستێ (نا)، بەزەییم پێیدابێت (نا). وەڵڵا نازانم هەستێکی تێکەڵ بوو، پێم وابێ هەموویان بوو.
- کاک پەروەر، براژن کوردیی فێر نەبووە؟
ڕووی لە ژنە کرد و بە عارەبیی قسەکەی منی بۆ تەرجوومە کردەوە. ژنە پێکەنی و دەستی هەڵێنا و بە قامک نیشانیدا دوو وشە دەزانێت.
ئەمن پاروویەکی زل لە دەمم دابوو، گوتم:
- چی دەزانێ؟
بە عەرەبیی لێی پرسی. ژنە بڕێک خۆی هێناوبرد، ئاخری گوتی:
- خۆشە خۆشە ...دەی دەی
پڕمەم کرد و هەرچی لە نێو زارم دابوو کردمە نێو کۆشی سۆرانەوە، کە لە پەنام دانیشتبوو. سۆرانیش قاقا پێدەکەنی.
هێندە پێکەنی بووین ئاوی چاومان ڕانەدەوەستا. ئاخری هەر جۆرێک بوو، خۆمان کۆکردەوە و دیسان ڕەسمیی دانیشتینەوە. کاک پەروەر سوور سوور هەڵگەڕابوو، یەک قسەشی بۆ نەدەهات. دوو پارووی دیکەمان خوارد و هەموو کشاینەوە. دەستم دایە تاوەکە و لە ژوورەکەمان هاتمە دەرێ.
گوێم لێبوو لە حەسارێ دەنگە دەنگە. زوو چوومە دەرێ. مامۆستا ئەحمەدی سەرۆکایەتیی زانستگە بوو، لەگەڵ دوو پیاوی دیکە لە حەسارێ لەگەڵ فەرهاد ڕاوەستابوون. مامۆستا ئەحمەد دەینەڕاند.
- ئەو ژنە کوانێ؟
زانیم جیرانەکان شکایەتیان کردووە. پێشەوەی بمبینن، بە پەلە هاتمەوە ژوورێ.
- کاک پەروەر مارەنامەتان هەیە؟
بە لەخۆباییبوونەوە گوتی:
- شۆڕشگێڕ بڕوای بە مارەنامە نییە.
- دە ئەگەر وایە هەستن خۆتان دەرباز بکەن، ئەوە لە ئێوە دەگەڕێن.
کاک پەروەر ڕەنگی سپی هەڵگەڕا و دەستی کرد بە لەرزین.
- چبکەین؟
- بچنە نێو ئەم ئاودەستەوە. تا دەڕۆن.
وەک برووسکە دەستی ژنەی گرت و خۆیان بە ئاودەستدا کرد و دەرگەیان داخست.
ئەوان چوونە نێو ئاودەستەکەوە و مامۆستا ئەحمەد هاتە نێو ماڵەکەوە. هەر هاتە ژوورێ چاوی بە ڕۆژنامەکانی نێوەڕاست کەوت، کە کردبوومانە سفرە.
بۆ بەدبەختیی، ڕێک لاپەڕەی یەکەم کاک مەسعوود و مام جەلال لە پەنا بۆڕییەکی نەوت دەستی یەکتریان هەڵێنابوو. کەچکێکی تەماتاویی لەسەر سنگی مام جەلال بوو. مامۆستا ئەحمەد، لە ڕۆژنامەکان ورد بووەوە. خەریک بوو ئیدی تەواو تێکەڵی دەکرد. ئاوڕی دایەوە. دوو بیرەکەی کن بەفرگرەکەشی دیت.

ـ تەڵەبەی ئێرانیی بەشەناوخۆییتان کردووەتە مەلها، باڕ و مەیخانە. جیرانەکان تەلەفۆنیان کردووە و گوتوویانە قەحپەتان هێناوەتەوە. کوا لە کوێ شاردووتانەتەوە؟ وەڵڵا... وەڵڵا... هەمووتان فەسڵ دەکەم.
لە دڵی خۆمدا گوتم: شا ئەم قوڕبەسەرییەی تووشی ئێمە بوو. خۆ لە سەر ئەوە لە زانستگە دەربکرێم ئابڕووشم دەچێت.
ـ مامۆستا گیان، ئەم جیرانانە کچی جحێڵیان هەیە، ناحەقیان نییە، حەز بە دیدارمان ناکەن، خەتای ئێوەشی تێدایە، لەناو کۆلاندا بەشەناوخۆییتان بۆ ئێمە گرتووە.
مامۆستا ئەحمەد چاوی دەرپەڕاند و نەڕاندی:
ـ گەواد بم ئەگەر دەرتان نەکەم. ئێستا خەتای ئێمەیە ئێرانی حیز، ئێرەتان کردووەتە مەلها؟
دەستم برد و کارتی ڕۆژنامەم دەرهێنا و گوتم:
ـ کوڕە وانییە برا گیان، ئەوەتا ئێمە ڕۆژنامەنووسین. مەلهای چی و باڕی چی؟ بە دوو بیرە ئێرە بۆ بووەتە باڕ.
کە چاوی بە کارتی ڕۆژنامە کەوت، وەک سەتڵێک ئاو بە ئاگردا بکەی، چزە چزێکی لێوەهات و سارد بووەوە. گوتی:
ـ ئێوە ئەگەر سوحوفین ئەم بیرانە چییە؟
ـ ئێ خۆ گوناهمان نەکردووە، دوو بیرە بۆ ئەم هەڵایە دەبێ؟ وەرە بگەڕێ بزانە کوا ژن؟ لە کوێمان شاردووەتەوە؟
گێژ گێژ چاوێکی لە پیاوەکان کرد و سەیرێکی ناو ژوورەکەی کرد. گوتی:
ـ هەر خودا دەزانێ چۆنتان دەرباز کردووە. بەس ئەمە ئاخر جارتان بێت. پاشان بە بۆڵە بۆڵە ڕۆیشتە دەرێ.
پێنج دەقەش دەبوو مامۆستا ئەحمەد و جەماعەتەکەی ڕۆیشتبوون، ئێمە هەروا ملمان خوار کردبوو و بێدەنگ دانیشتبووین. کەس هیچی نەدەگوت. لە ناکاو سۆران گوتی:
ـ کاک پەروەر
بەپەلە هەستام لە دەرگەی ئاودەستەکەمدا. بە ترسەوە دەرگەی کردەوە.
ـ ڕۆیشتن، ئێوەش بڕۆن باشترە.
هیچیان نەگوت. هیچمان نەگوت. بێدەنگ، لە ماڵێ ڕۆیشتنە دەرێ. دوو دەقە دواتر لە دەرگەیان دا. چووم و دەرگەم کردەوە. دیسان کاک پەروەر بوو. دەستی بۆلای من ڕاداشت. دیتم موبایلەکەی منی بەدەستەوەیە.
ـ دەزگیرانەکەم لە بەر پەلەپەل نەیزانیوە، ئەم مۆبایلە کەوتبووە ناو جانتاکەیەوە.
دیسان بێەوەی هیچ قسەیەک بکەم، مۆبایلەکەم لێوەرگرت و هاتمە ژوورێ و دەرگەم داخست.

***